# مێژووی دۆزینەوەی
# مادده بێهۆشکەر و سڕکەرەکان



**بەهادین حەسەن شارەزووری**

## پێشەکییەکی پێویست:

پاش رووخانی رژێمی بەعس و بەرەڵابوونی هەزاران زیندانی تاوانبار و بەرەڵابوونی سنوورەکانی عێراق, بەتایبەتی لە بەشی باشووری رۆژهەڵات, رۆژانە باندەکانی فرۆشتنی مادده سڕکەر وبێهۆشکەرەکان چەندان تەن لەو ماددانە دەهێننە عێراق و لەوێشەوە بەرەو کۆمەڵێك ناوچەیتری عێراق و وڵاتانیتری دەنێرن لەم سەروبەندەدا کۆمەڵێك گەنجی عێراق بە هۆی باری نالەباری ژیانیان و باری خراپی سیاسی و ئیداری ئەو ناوچانە فێری بەکارهێنانی ئەو ماددانە بوون و خو یان (إدمان) یان لەسەر گرتووە رۆژانە لەسەر سنوورەکانی عێراق – ئێران, عێراق – سعودیە, عێراق – سوریا, دەیان کەس لەو باندانە دەستگیردەکرێن و دەستدەگیرێت بەسەر دەیان کیلۆگرام لەو ماددانە, لە هەرێمی کوردستانیش بەداخەوە کە لەساڵانی گرانی و نەبوونی هەزاران لاوی کورد روویان لە ئێران کرد بە مەبەستی کارکردن و پەیداکردنی بژێوی خۆیان و خێزانەکانیان, بەڵام بە تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ لاوانی

ئێران و کرێکارانی ئەفغانی و بێهیوایی و رەشبینی خۆیان وتەنی زۆربەیان (موعتاد) بوون لەسەر مادده بێهۆشکەر و سڕکەرەکان, بەهۆی ئەوانیشەوە لاوانی ئێمەش لەوانەوە وردەوردە فێری بەکارهێنانی ئەو ماددانە بوون هەر دوای هەرەسی کۆتایی رژێمی بەعس و باشبوونی باری ئابووری هەرێمی کوردستان ئەو لاوانە گەڕاونەتەوە هەرێمی کوردستان, بەلاّم زۆربەیان (خوگر و موعتاد) بوون لەسەر مادده بێهۆشکەرەکان بۆیە هەوڵدەدەن بە هەر نرخێك بووە ئەو ماددانەپەیدابکەن و باری خووگرتنەکانیانی پێ ئارامبکەنەوە.

ئەمەش زەنگێکی ترسناکە و پێویستە هەمووولایەك لە خێزان و کۆمەڵگە و دەسەلاّت ئاگای لەو پەتایە بێت و ئەگەر پێشگیری لێنەکرێت ئەوا زۆر بە خراپی بلاّودەبێتەوە و ئەوکات چارەسەرکردنی لە هەموو روویەکەوە گران و سەختدەبێت, بەرێزان من لە کاتی بینینی کتێبێك کە بە زمانی عەرەبی نووسراوە لەسەر (کاریگەری مادده بێهۆشکەر و سڕکەرەکان لەسەر لاوانی دەوڵەتانی نیوە دوورگەی عەرەب) و لە بەر گرنگی بەشی مێژووی دۆزینەوە و سەرهەڵدانی مادده بێهۆشکەر و سڕکەرەکان و بەشی چارەسەر لەو ماددانە هەوڵمداوە کە ئەو دوو بەشە بگۆڕمە سەر زمانی کوردی بە هەندێك دەستکارییەوە ئەمەش پاش ئەوەی رێژەی بەکارهێنەرانی ئەو مادده لە عێراق و کوردستان رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندایە هەر لە مینبەری ئەم بابەتە و ئەم رۆژنامە بەرێزەوە داواکارم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ولایەنە پەیوەندیدارەکان بەتایبەتی لایەنە پەروەردەییەکان زۆر بە جیدی کار لەسەر بابەتی مادده بێهۆشکەر و سڕکەرەکان بکەن و هەروەها یەکەی تایبەت بە دژایەتی ئەو ماددانە دروستبکەن (تێبینی کاتێك من ئەم بابەتەم وەرگێڕا هێشتا حکومەتی هەرێم هیچ یەکەیەکی دروستنەکردبوو بۆ بەرەنگاری

قاچاخچیانی ئەو ماددانە), هەروەها سنوورەکان زیاتر توندوتۆڵبکەنەوە هەروەها داواکارم لە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە بواری ئەو ماددانە و چارەسەرکردنی خوپێوەگرەکانی بکاتەوە و ئەو کەسانە جارێکیتر تەندروست بیگێڕێتەوە بۆ ریزی کۆمەڵگا و خێزانەکانیان.

## ناوەڕۆك:

مرۆڤ زۆر لە کۆنەوە هەولیداوە کە کۆمەلێك دەرمانی سەرەتایی دروستبکات ئەویش لە رێگەی دروستکردن و ئامادەکردنیەوە لە رەگی دارودرەخت و گژوگیا, بۆ ئەوەی بتوانێت چارەسەری نەخۆشییەکانی پێبکات و لە ئازارە جەستەییەکانی کەمبکاتەوە, بۆ ئەم مەبەستەش توانیویەتی (مادده سڕکەر و بێهۆشکەرەکان) بدۆزێتەوە و بەکاریان بهێنێت.

دۆزینەوەی ئەو ماددانە دادەنرێت بە هەرەکۆنترین هەولەکانی مرۆڤ لەوپێناوەدا, هەروەها هەندێك (ماددەی بێهۆشکەر و سڕکەری) بەکارهێناوە بۆ خۆمەستکردن و دەستخستنی خۆشی کاتی بۆ ئەوەی ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش بووبێت لە تەنگوچەلەمەکانی ژیانی سەختی ئەوکاتە دووربکەوێتەوە, جا مرۆڤ بەپێی قۆناغەکانی ژیانی و تێپەڕبوونی کات جۆرەها ماددەی (بێهۆشکەر و سڕکەری ) ناسیوە و بەکارهێناون کە ئێمە لێرەدا هەولدەدەین بە شێوەیەکی ریزبەندی باس لەو ماددانە و کات و شوێنی بەکارهێنانەکانیان بکەین.

## * رووەکی خەشخاش یان ئەفیون:

دادەنرێت بە هەرە لەپێشترین دەرمانی دۆزراوە لەلایەن مرۆڤەوە کە لە دێرزەمانەوە بەکاریانهێناوە بە مەبەستی چارەسەرکردن, شوێنی روانی یەکەم جاری ئەم رووەکە

دەگێڕدرێتەوە بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست و بەشی باشوری ئاسیا, مێژووی دۆزینەوەی ئەم ماددەیە لەو ناوچەیە و بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠٠٠) هەزار ساڵ لەوەوپێش,پاشان گوێزراوەتەوە بۆ سنووری ناوچەی ژێردەسەڵاتی (سۆمەرییەکان) و دواتریش بۆ بابلییەکان و فارسەکان و دواجاریش بۆ میسرییەکۆنەکان و ئەفریقییەکان.

رووەکی خەشخاش وەك دەرمانێکی چارەسەرکردن لەلایەن (ئەقرباتە)کانەوە بەکارهاتووە وچینییەکانیش لەگەڵ هیندییەکان بەکاریانهێناوە بۆ چارەسەرکردن لە سەرەتای سەدەی سێهەمی پێشزایین, لە رووەکی خەشخاش ماددەی (تریاك) ئامادەکراوە و هەرزوو نابانگی پەیداکردووە بە هۆی ئەو کاریگەرییەی کە هەیبووە لە هێورکردنەوەی ئازارەکان و مەستکردندا, بۆیە لە زۆر بۆنە و ئاهەنگەکاندا بەکارهاتووە و لەلایەن فەرمانڕەوا و پاشاکان وەك دیاری و بەخشش پێشکەش بە یەکتری کراون، (تریاك) تەمەن درێژترین ماددەی ئامادەکراوە ساڵانە لە کاتی ئامادەکردنیدا ئاهەنگی گەورە رێکدەخرا بەتایبەتی لە شارەکانی (قوستەنتینییە) و (بوندقییە) کە ئەوکاتە رێگەیەکی بازرگانی گەورە بە نزیکی ئەو دوو شارەدا تێدەپەڕی و هەردوو ناوچەی رۆژهەڵات و رۆژئاوای بە یەکەوە بەستبوو, هەروەها تریاکی ئامادەکراوی شاری (بوندقییە) دادەنرا بە هەرە بەناوبانگترین و باشترین جۆری (تریاك) لەو کاتانەدا لە سەدەی نۆزەدەهەمیشدا کیمیازانی بەناوبانگی ئەڵمانی (سیرتورنر) توانی ماددەی (مورفین) لە ( ئەفیون) جیابکاتەوە و ناوی (مورفیوس)ی لێبنێت وەك گەڕانەوەیەك بۆ سەر ناوی خوای ( خەو و ئەفسانەلای ئەغریقییەکان).

ساڵی ١٨٥٣ پزیشکێکی ئینگلیزی بە ناوی ئەسکەندەر توانی گۆڕانکارییەکی گەورە دروستبکات لە بەکارهێنانی ماددەی (مۆرفین) ئەوکاتەی کە بۆ یەکەمجار مۆرفینی لە ڕێگەی لێدانی ژێرپێستەوە بەکارهێنا بەو باوەڕەی کە بتوانێت ئازاری نەخۆشەکانی پێبشکێنێت, بەلاّم هەر دوای بەکارهێنانی دەرکەوت کە زۆر زوو لە ڕێگەی خوێنەوە هەڵدەمژرێت و بە شێوەیەکی خراپ کاردانەوەی لەسەر جەستەی نەخۆش هەبوو لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو ئەنجامە خراپە, بەلاّم (مۆرفین) هەر بەکاردەهێنرا بۆ زۆر مەبەست ئەگەر ئەو مەبەستانەش لاوەکی بوونایە, مۆرفین لە کاتی جەنگە خێڵەکییە ناوخۆییەکانی ئەمریکا بەکاردەهێنرا بۆ هێورکردنەوەی ئازاری بریندارەکان, بەلاّم هەر زووبەزوو ئەوە ئاشکرابوو ئەو جەنگاوەرە بریندارانەی (مرۆفین)یان دراوەتێ بە زوویی (خوویان – ادمان)یان لەسەر گرتووە بە شێوەیەك کە لە دواییدا بە خووگرتن لەسەر مۆرفین دەوترا دەردی (سەربازەکان) دوای ئەم هەوڵە لە ساڵی ١٨٨٩ یەکێك لەزانا ئینگلیزەکان توانی گیراوەیەك دروستبکات کە بە (دای ئیستیل مورفین) ناودەبرا, لەگەڵ ئەوەی ئەم گیراوەیە لە مرۆفین دەرهێنرا بوو,بەلاّم زاناکان پێیانوابوو کە ئەم دەرمانە تازە لە رووی بەکارهێنانی پزیشکەوە بێترسە و دەتوانرێت بۆ چارەسەری نەخۆشی (خووگرتن) لەسەر (ئەفیون و مۆرفین) بەکاربهێنرێت ئەم گیراوە تازەیە ناوی لێنرا (هیرۆین) بەلاّم وەك چاوەڕێی لێدەکرا وا دەرنەچوو بەڵکو زۆر لە مۆرفین, ئەفیون) مەترسیدارتربوو.

### * رووەکی (قنب) حەشیش:

ئەم رووەکەش زۆر لە دێرزەمانەوە ناسراوە بەکارهاتووە لە ناوەڕاستی ئاسیا و بەتایبەتی لە بەشی باشوری دەریای قەزوین و قەفقاز, دواتریش گوێزراوەتەوە بۆ

ناوچەكانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و لە سەرەتادا ئەم رووەكە بۆ مەبەستی بەكارهێنانی ریشاڵەكانی چێنراو بۆ دروستكردنی گوریس و پەت بەكارهاتووە و لە دروستكردنی بەلەمدا و پاشان لە دروستكردنی (قوماش) لە سەرەتادا (قنب – حەشیش) دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەهەمی پێشزایین دواتریش وردە وردە بە ولاتانیتری جیهاندا بلاوەبیكرد، (فارسەكان) زۆر لە كۆنەوە (حەشیش) یان ناسیوە و بەكاریانهێناوە, بەتایبەتی لە كاتی ئاهەنگە ئاینییەكانیان بەكاریانهێناوە.. باوەڕیش وایە كە یەكەمین كەسێك كە باسی (قنب – حەشیش)ی كردووە و شیكاری بۆ كردووە بە وێنە زانای یۆنانی (دیوسكوریدس) بووە لە سەدەی یەكەمی پێشزایین, دوای فارسەكان و عەرەبەكان لەوەوە باسی حەشیشیان وەرگرتووە, بەلام لەم سەردەمانەی تازەدا ئیبنولبیتار) كە زانایەكی عەرەب و پزیشكێكی بەناوبانگە لە سەدەی سیانزەهەمی زایینیدا باسی (قنب – حەشیش)ی كردووە و ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە كە لە ولاتی میسر چێنراوە و بە شێوەیەكی بەربلاو لە ناو خەلكیدا بەكارهاتووە.. هەندێك كارناسی ئەم بوارە پێیانوایە كە وشەی (حەشیش) لە بنەڕەتدا وشەیەكی عەرەبییە كە بە واتای گژوگیای كێوی دێت و ئەم رووەكەش لە دەشتودەر بە شێوەیەكی سەربەست دەڕوێت.

بەلام هەندێكیتر دەلێن بنەڕەتی ئەم وشەیە عەرەبییە و لە وشەی (شیشە )وە وەرگیراوە كە بە واتای (خۆشی ) دێت ئەم مادەیە ئەگەرچی لە سەردەمی حكومڕانی (مەمالیك) لە میسر ماوەیەك قەدەغەكراوە بەتایبەتی لە سەردەمی ئەمیر (شەیغونی ), بەلام خواردن و بەكارهێنانی لە ناو چینی هەژاران لە میسر زۆر بلاوبووە.

## خووگرتن (ادمان) لەسەر ماددە سڕکەر و بێهۆشکەرەکان

پێش ئەوەی بچینەسەرباسی خووگرتن لەسەر ماددە بێهۆشکەر و سڕکەرەکان پێویستە لە رێگەی پێناسەیەکی ئەکادیمی زانستی ئەم ماددانە بناسین, مامۆستا (سەعد ئەلمەغریبی) بەم جۆرە پێناسەی ئەو ماددانە دەکات (مادە بێهۆشکەرەکان هەموو ئەو ماددە خاو و ئامادە کراوانە دەگرێتەوە لە شێوەی (حەب, شروب,شرینقە,هەڵمژین) کە دەبنە هۆی بێهۆشی و سڕکردن یان خەوزڕاندن و پاشان کەسی بەکارهێنەریان (خوو- ادمان) یان لەسەردەگرێت و کەسی بەکارهێنەر لە رووی جەستەیی و دەروونی و ماددی راستەوخۆی لێدەکەوێت و بە شێوەی راستەخۆ یان ناراستەوخۆ زیان بە خێزان و کۆمەڵگەکەی دەگەیەنێت, بەلاّم ئەم پێناسەیە ئەو ماددانە ناگرێتەوە کە لە کاری پزیشکی یان پیشەسازیدا بەکاردەهێنرێت و بە ناوی خووپێوەگرتن (ادمان) لەم پێناسەی مامۆستا (سەعد)ەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ناونانی ئەو ماددانە, بێهۆشکەر یان سڕکەر, هەڵەیە چونکە زۆرێك لەو ماددانە لە کاتی بەکارهێنانیدا و خووپێوەگرتنی (ادمان) نابنەهۆی بێهۆشی و سڕبوون, بەڵکو بەپێچەوانەوە هەندێکیان دەبنە هۆی خەوزڕاندنی بەردەوام و بەئاگابوون بۆ ماوەیەکی دووردرێژی شەووڕۆژ, بەلاّم بە هۆی ئەوەی کە تائێستا ئەو ناوە (بێهۆشکەر, سڕکەر, موخەدر) لەلایەن ناوەندەکانی تایبەت بەو ماددانە و خەڵکیشدا بەکاردەهێنرێت ئەوا ئێمەش بەکاریدەهێنین, زاناکانی بواری ماددە سڕکەر و بێهۆشکەرەکان بۆچوونیان جیاوازە لەسەر ئەوەی کە ئایا جیاوازی هەیە لەنێوان (ادمان) خووپێوەگرتن و (تعود) فێربوون پێی.. هەندێکیان وایبۆدەچن کە جیاوازی نییە لەنێوانیاندا ئەگەر

هەشبێت ئەوا زۆر کەمە, بەلاّم هەندێکیتر لە زانایان دەڵێن جیاوازییەکە زۆرە و روونوئاشکراشە تایبەتمەندییەکی (ادمان) خووپێوەگرتن بەم چەند خاڵە دیاریدەکەن:

**١**-ویستێکی بێسنوور و بە زۆر لەسەر بەردەوامبوونی وەرگرتنی ئەو ماددانە و بەدەستخستنی بە هەر رێگەیەك بێت ئەگەر بەکارهێنانی هێزیش بێت بۆ ئەم مەبەستە چەندەها باندوتاقمی تایبەتییان دروستکردووە.

**٢**-ئارەزووی زیادکردنی بڕی ئەو ماددە بێهۆشکەر و سڕکەرەی کە لە بەکارهێنانی جا چ لە رێگەی خواردن یان دەرزیلێدان یان هەڵمژینەوە بێـت.

**٣**-کەسی بەکارهێنەری ئەو ماددانە بە تەواوەتی پشتدەبەستێت بە بەکارهێنانی ئەو ماددانە چ لە رووی دەروونی یان جەستەیی بێت.

**٤**- جێهێشتنی شوێنەواری خراپی جەستەیی و دەروونی لەسەر کەسی بەکارهێنەری و لە رێگەی ئەویشەوە لەسەر کۆمەڵگا.

**٥**-بەلاّم (تعود) فێربوون لەسەر ماددە بێهۆشکەرەکان یان سڕکەرەکان بەم چەند خاڵە جیادەکرێنەوە:

**أ**- ویستی وەرگرتن و بەکارهێنانی ماددەی ( بێهۆشکەر و سڕکەر) لای کەسی بەکارهێنەریان بەلاّم بە شێوەی زۆر نە.

**ب**-بوونی حەزێکی کەم بۆ زیادکردنی بڕی ماددە (بێهۆشکەر یان سڕکەرەکە) لای کەسی بەکارهێنەر.

ج- کەسی بەکارهێنەری ئەو ماددانە لە رووی دۆزینەوە پشتیان پێدەبەستێت, بەلاّم لە رووی جەستەییەوە بە هیچ جۆرێك پشتی پێنابەستێت بەمەش کەسی (متعود) فێربوو دەتوانێت بۆ کۆتاجار واز لە بەکارهێنانی ئەو ماددانە بهێنێت.

دوای دەرخستنی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو حاڵەتی (ادمان) خووگرتن و (تعود) فێربوون هێشتا لای لێکۆڵەرەوانی ئەم بوارە زۆر زەحمەتە جیاکردنەوەیان بۆیە ناوی سێهەمیان بۆ ئەو حاڵەتە هەڵبژاردووە کە بریتییە لە پشتبەستن بە مادده بێهۆشکەر و سڕکەرەکان, بەم شێوەیە پێناسەیان کردووە(حاڵەتێکی دەروونی یان هەندێك جار جەستەییشە لە بەرەنجامی بەکارهێنانی ماددەی بێهۆشکەر و سڕکەرەوە دروستدەبێت لەنێوان ئەو کەسەی کە بەکارێدەهێنێت و ماددەی بێهۆشکەر سڕکەری بەکارهاتووە.

*__ماددەی (کحول)__:

ئەم ماددەیە هەزاران ساڵ لەمەوبەر بەکارهاتووە لەلایەن مرۆڤەکان وەك دەرمان بۆ چارەسەری نەخۆشی و کەمکردنەوەی ئازارەکانی جەستەیی یان بۆ خۆمەستکردن و دوورکەوتنەوە لە بێزارییەکانی دونیا, ئەم ماددەیەش لە ئەنجامی کرداری ترشاندنی میوەکانی وەکو (ترێ و جۆ) دروستکراوە, پاشان لە رێگەی دڵۆپاندن ماددەی (کهولیان) دۆزییەوە.. ئەم دروستکراوە تازەیە دادەنرا بە باشترین چارەسەری کێشە دەرونی و جەستەییەکانی مرۆڤ لە جۆرێك ناوی (ویسکی) کە وشەیەکی (ئەسکۆتلەندییە) و بە واتای ئاوی ژیان دێت لێنراوە لەبەر کاریگەری خێرایی مەستکردنی لەسەر کەسی بەکارهێنەری.

مرۆڤ لە هەوڵەکانی نەوەستا بە درێژایی مێژوو بۆ دۆزینەوەی دەرمانێك کە چارەسەری نەخۆشییەکانی بکات و نەبێتەهۆی (خووپێوەگرتن) بۆیە لە وڵاتی (ئەڵمانیا) و لە کۆتایی ساڵەکانی سییەکاندا هەوڵێکدرا بۆ دروستکردنی جۆرێك دەرمان کە ئازارشکێن بێت و مەترسی (خووپێوەگرتن)ی نەبێت لە ئەنجامدا دەرمانێك دروستکرا کە لە پێکهاتەدا لە (مۆرفین) دەچوو بەداخەوە بەپێچەوانەی

ئەو هەولانەی کە دران لەپێناوی ئەم دروستکراوە تازەیەدا ئەمیش لە بواری کاری نادروستدا بەکاردەهێنرا وەك دەرمانەکانی پێشوو.

*** ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی (خووگرتن) و فێربوون لەسەر مادده بێهۆشکەرو سڕکەرەکان:**

زاناکانی ئەم بوارە هۆکارەکانی بەکارهێنان و فێربوونی مادده بێهۆشکەرەکان دەگێڕنەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکاری ئاڵۆز هەندێکجار زیاتر لە چەند هۆکارێك دیاریدەکەن, بەلاّم ئەم هۆکارانە لە ولاّتێك بۆ ولاّتێکیتر و لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکیتر دەگۆڕێت جاری واش هەیە هەر لە ناو ولاّت و یەك گەلدا هۆکارەکان جیاوازییان هەیە قەبارەبڕی کاریگەری ئەو هۆکارانە تائێستا لە زۆر شوێن لەلایەن زاناکانەوە لەژێر لێکۆڵینەوەدان, ئێمە لێرەدا هەندێك لەو هۆکارانە دەخەینەروو باسیان لەسەر دەکەین کە یارمەتیدەربوون بۆ فێربوون لەسەر مادده بێهۆشکەر و سڕکەرەکان بەتایبەتی لای لاوان.

**یەکەم: پێکهاتەی کەسێتیی:**

هەندێك لێکۆڵەرەوەکانی ئەم بوارە لەو باوەڕەدان کە کەسانێك هەن ئارەزووی بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان لە ناخیاندا هەیە بە پێی پێکهاتەی باری کەسێتیی و لاشەیی و دەروونی ئەم کەسانە لە یەکێك لە قۆناغەکانی ژیانیاندا تووشی تێکچوونی باری کەسێتیی بوون و دەتوانین بەوە لە خەڵکانیتریان جیابکەینەوە کە ئەم کەسانە هەمیشە پشت بە خەڵکانیتر دەبەستن بۆ هەموو کاروبارێکی ژیانیان و زۆر حەزیان لە لاساییکردنەوەی سەردەمی منداڵی هەیە زۆربەی ژیانیان لە ئەندێشە و خەیاڵ بەسەردەبەن و ناتوانن لەگەڵ واقیعدا خۆیان بگونجێنن و هەمیشە لە ژیانی واقیعی هەڵدێن و حەزیان لە تەنهاییە, مامۆستا

(عەلی کەمال) کەسایەتییەکانی فێربوو یان خووگرتن لەسەر مادده بێهۆشکەر و سڕکەرەکان کردووە بە چەند کەسایەتییەکەوە:

**١**-کەسێتییەکی سروتی تەواو:

ئەم کەسانە لە هەموو روویەکەوە سروشتی و تەواون و لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی دەرمانی چارەسەری نەخۆشی تووشیدەبن.

**٢**-کەسێتییەکی ناجێگیر:

ئەم کەسایەتییانە لە زۆربەی کارەکانیاندا دوودڵن و هەمیشە لە دڵەڕاوکێدان بەرامبەر بە ئەنجامدانی کارەکانیان ماددەبێهۆشکەر و سڕکەرەکان بەکاردەهێنرێت بۆ رەواندنەوەی ئەو دڵەڕاوکێ و دوودڵییە و لە دوایدا (خوو – ادمان)ی لەسەردەگرن.

**٣**-کەسێتیی (سایکۆبائییە):

ئەم جۆرە کەسایەتییانە مادده بێهۆشکەر و سڕکەرەکان بەکاردەهێنن بە مەبەستی گەیشتن بە خۆشییەکی خەیاڵی و هەستکردن بە خۆگەورەکردن یان بۆ دەرخستنی رق و تۆڵەیە بەرامبەر بە کۆمەڵگا کەپێوایە ستەمیان بەرامبەر ئەم کردووە کاتێك پلەوپایەی گونجاویان نەداوەتێ.

**٤**-کەسێتیی عەقڵنەخۆش (ناتەواو):

ئەم کەسایەتییانە لە ئەنجامی هەچ هۆکارێکی دەروونی یان جەستەیی یان سروشتی تووشی خەمۆکی و بێهیوایی و بێئومێدی بوون ناچار پەنادەبەنەبەر مادده (بێهۆشکەر و سڕکەرەکان) بە شێوەیەك کەپاش ماوەیەك خوویلەسەردەگرن, راستەپێکهاتەی کەسێتیی دادەنرێت بە هۆکارێکی تووشبوون بە(خووگرتن) لەسەر مادده بێهۆشکەرەکان, بەڵام دەبێت باری کۆمەڵایەتی و ئابوری کە دەوری کەسی

تووشبوویان داوە باسبکرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەربکرێت, لەم ساڵانەی دوایدا چەند لێکۆڵەرەوەیەکی بواری ماددە بێهۆشکەر و سڕکەرەکان لێکۆڵینەوەیەکیان ئەنجامدا لەسەر کەسانی تووشبوو بە (خووگرتن) بەو ماددانە ئەوەیان سەلماند کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان کەسانی (خووگر) لەسەر ئەو ماددانە چ لەنێو کۆمەڵگەی گەنجان یان لەنێو کۆمەڵگەی پێگەیشتوان, وەتەنها پێوەرێك کەبتوانرێت دابنرێت بۆ جیاکردنەوەی ئەوکەسانە لەرێگەی (مختبر) تاقیگەوە دەبێت کەبیسەلمێنێت تاچ رادەیەك ئەوکەسە تووشی (خووگرتن) بەو ماددانە بووە یان لە رێگەی هەڵسوکەوتی ئەو کەسانە دەبێت لەگەڵ خۆیان و کۆمەڵگە و گەورەترین سروشتی کەسانی خووگر بە ماددە بێهۆشکەرەکان سیفەتی (بێهیوایی و بێئومێدی)یە کە زۆر زەحمەتە بتوانرێت نیشانەکانی بێهیوایی و بێئومێدی دیاریبکرێت و راڤەبکرێت.

(ساکستین) لەو باوەڕەدایە کە تاکە سیفەتێك لەهەموو کەسانی (خووگر) مودمنەکاندا هەیە و هەموویان بەشدارن تیایدا ئەوەیە کە ئەمانە مەترسیدارن بۆ سەر کۆمەڵگە و بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی.

ساکستین ئەوەی رووننەکردۆتەوە کە ئایا (کحول) و ئەو کەسانەی کحولدەخۆنەوە ئەم مەرجە دەیانگرێتەوە یان زۆربەی هەرە زۆری لێکۆڵەرەکان، کحولخۆرەکان ناخەنە ناو ئەم ریزبەندییەوە و خواردنەوەی (کحول) بە کارێکی لادەرانە دانانێن مەگەر کاتێك نەبێت کە خواردنەوەی بێتە هۆی ئەنجامدانی کارێکی خراپ یان بێزارکردنی خەڵکانیترو دەستدرێژیکردنەسەر خۆیان وماڵوسامانیان.

## دووەم: داگیرکارانی:

ولاَتان لە کۆن و تازەدا چەکی ماددە بێهۆشکەرەکانیان بەکاهێناوە دژی ئەو گەلانەی کە ویستویانە داگیریان بکەن بە مەبەستی لاوازکردنی گیانی بەرگری لای رۆڵەکانی ئەو گەل و نەتەوانە, کەسی فێربوو لەسەر ئەو ماددانە سالاَنە بە دەیان هەزار دۆلار خەرجدەکەن بە بێئەوەی هیچ سوودێکی هەبێ بۆ خۆیان و کۆمەڵگاکەیان ئەمەش بە خراپی دەشکێتەوە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی, داگیرکاری بەریتانی رۆڵێکی مێژوویی هەبووە  لە بواری بلاَوکردنەوە و هاندانی بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرکان.. بەریتانیا کاتێك هیندستانی داگیرکرد هەڵسا بە دامەزراندنی کۆمپانیای بازرگانی هیندی رۆژهەلاَت, کە هەستا بە چاندنی رووەکی ئەفیون و چا لە کێڵگە جیاوازەکاندا, پاشان ناردنەدەرەوەی بەرەو ولاَتانی دراوسێ بەتایبەت ولاَتی (چین) هەر بەمەشەوە نەوەستا بەڵکو هانی چینییەکانی دا بۆ بەکارهێنانی (ئەفیون) بە شێوەیەك کە لە دواییدا بوو بەپەتایەکی کوشندە لەم ولاَتەدا بە شێوەیەك بلاَوبوویەوە کە حکومەتی چین فەرمانی قەدەغەکردنی (ئەفیون)ی دەرکرد.. ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگ لەنێوان چین و ئینگلیز و هیند ئەم شەڕە بە شەڕی (ئەفیون) ناسراوە لە مێژوودا ساڵی (١٨٤٢) رێکەوتننامەیەك لەنێوان هەردوو ولاَتدا مۆرکرا تێیدا رێگەدرا (ئەفیون) بچێتە شارەکانی سەر رۆخی دەریا لە چین, لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا دەزگای هەواڵگری ئەمریکا هەوڵیدا ماددەیەك دروستبکات لە رووەکی (ماریجوانا) بە مەبەستی بەکارهێنانی دژی ئەو بەندکراوانەی کە گرتبوونی بۆ وەرگرتنی زانیاری لێیان, بەلاَم ئەم هەوڵە سەرینەگرت لەبەر ئەوەی دەدرا بە هەچ بەندکراوێك دەبووە هۆی نووستنی.

**سێیەم: ئاسانی دەستکەوتنی مادده بێهۆشکەرەکان لە ناو کۆمەڵگادا:**

ئەو کۆمەڵگایانەی کە بە ئاسانی ئەو ماددانەیان تێدا دەستبکەوێت ئەوا رێژەی بەکارهێنەرانیشی زۆر دەبن, بە شێوەیەك روخساری هەندێ کۆمەڵگا دەبێتە کۆمەڵگەیەکی خووگرتوو لەسەر ئەو ماددانە کە لە ئێستادا زۆر لە کۆمەڵگەکان دەگرێتەوە دەبێت ئەوەمان لە یادنەچێت زۆرێك لە دەوڵەتەکان و رێکخراوە و کۆمەڵەکان بەرژەوەندییان لەوەدایە کە ئەو ماددانە بەکاربهێنن بۆ دەستخستنی قازانجی ماددی وەك رێکخراوە چەپەکانی کۆڵۆمبیا و حکومەتی لەناوچووی تالیبان.

**چوارەم: هۆکارەکانی راگەیاندن:**

تائێستا ناکۆکی هەیە لەسەر ئەوەی هۆکارەکانی راگەیاندن چەندە کاریگەریان لەسەر لادانی لاوان لەم بارەیەوە سێ بۆچوون هەیە.

## بۆچوونی یەکەم

دەڵێت هۆکانی راگەیاندن هیچ رۆڵێکیان نییە لەسەر لادانی لاوان ئەوەش دەکنە بەڵگە کە تائێستا هەندێ کۆمەڵگا هۆکارەکانی راگەیاندنیان پێنەگەیشتووە لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامدانی تاوان تێیاندا بلاوە وەك لەهەندێ لەناوچەگوندنشینە دوورەکان.

## بۆ چوونی دووەم

تەواو پێچەوانەی بۆچوونی یەکەمە خاوەنی ئەم بۆچوونە باوەڕیان وایە کە هۆکارەکانی راگەیاندن رۆڵی زۆریان هەیە لە بلاوکردنەوەی لادانی لاوان ئەوەش دەکەنە بەڵگە کە تاوانەکان جۆراوجۆر بوون بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی کە لاوان تێیدا لە رێگەی هۆکارەکانی راگەیاندنەوە چەندەها فلیم و زنجیرەی تایبەت دەبینن

لەسەر شەڕ و ئەنجامدانی تاوان ئەمەش بە خراپی کاریگەرییەکەی دەشکێتەوە بەسەریاندا.

## بۆ چوونی سێیەم

ئەم بۆچوونە زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان لەسەری ڕێکن خاوەنی ئەم بۆچوونە پێیانوایە کە هۆکارەکانی راگەیاندن دەبێتە هۆی جوولاندنی حەزی ئەنجامدانی تاوان لای ئەو کەسانەی کە خۆیان لە بنەڕەتدا ئەو حەزەیان تێدایە بەڵگەشیان ئەوەیە ئەگەرچی لاوانێکی زۆر سەیری فیلمە سینەمایی و تەلەفزیۆنییەکان دەکەن, بەڵام هەندێکی کەمیان ئامادەن تاوان ئەنجامبدەن, دەبێت ئەوەمان لە بیرنەچێت کە چەندە ئاستی رۆشنبیری لەناو کۆمەڵگادا بەرزبێت ئەوەندە رادەی ئەنجامدانی تاوان تێیدا کەمدەبێتەوە کۆمەڵگاکانی سوید و نەرویج و سویسرا.

### پێنجەم: کاریگەری هاوڕێ و هاوەڵان:

هاوڕێیەتی رۆڵێکی گرنگی هەیە لەسەر ئاراستەکردنی تاك بەرە و بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان بۆ ئەوەی لاو لەناو کۆمەڵەکەیدا وەك ئەندام بمێنێتەوە پێویستە لەسەری خووئاکاری ئەوان بگرێت سەیرەکەین دەسدەکات بە بەکارهێنانی ماددەی بێهۆشکەر ئەگەرهات و هاوڕێکانی کۆمەڵگەی بەکاریاندەهێنا خۆ ئەگەر لاوێك بیەوێت رێگری لە بەکارهێنانی ئەو ماددانە بکات لەناو کۆمەڵەکەیدا, ئەوا ناتوانێت چونکە ئەوانیتر هەوڵدەدەن لە خۆیانی دووربخەنەوە ئەمیش نایەوێت ئەوە رووبدات بۆیە بەناچاری دەچێتەسەر کارەکەی ئەوان لەم دواییانەدا لێکۆڵینەوەیەك ئەوەی دەرخستووە کە زۆربەی لاوان لە هاوتەمەنەکانی خۆیانەوە ئەو ماددانەیان دەستدەکەوێت.

بەلاّم ئافرەت لە رێگەی ئافرەتان یان پیاوانی تەمەن لە خۆیان گەورەتر دەستیاندەکەوێت, لای هەندێك لێكۆڵەرەوەی ئەم بابەتە(سجن) زیندان دانراوە بە سەرچاوەیەکی هاورِێیەتیکردنی خراپ ئەوکاتەی کە لاوێکی لادەر دەخرێتە سجنەوە لەوێدا تێکەڵ بە کەسانی تلیاکخۆر و بازرگانی ماددە بێهۆشکەرەکان دەبێت, پەیوەندی لەنێوانیاندا دروستدەبێت پاش ئازادبوونی راستەوخۆ دەستدەداتە بەکارهێنان و بازرگانی بە ماددە بێهۆشکەرەکان.

## شەشەم: کەمی هۆکارەکانی بەسەربردنی بێ ئیشی و حەسانەوە:

چالاکییەکانی کاتی بێئیشی و حەسانەوە دادەنرێن بەو هۆکارە گرنگانەی کە لاوان دەپارێزن بە تووشبوون بە لادان و بێهیوایی و بیربلاّوی ئەوەی جێی سەرنجە کە لاوان حەزیان لە خوێندنەوەی پرۆگرامی خوێندنی خۆیان نییە و پرِکردنەوەی ویستەکانیان بۆیە هەوڵدەدەن لە چەند لایەکیترەوە ئەم ویستانەی خۆیان تێربکەن زۆرجار دەبێتەهۆی لادان و لاوان لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەناڵێنن بە دەست کەمی شوێنی حەوانەوە و بەسەربردنی کاتی بێئیشی لە ئەنجامی ئەمەشدا کۆمەڵگایەکی ناباو دروستبووە کە لەوەوپێش نەبووە بە کۆمەڵگەی لاوانی سەرجادە ناسراون.

بە شێوەیەك کە لاوان لەسەرە رێگاکاندا کۆدەبنەوە و دەستدەکەن بە توانج و قسەی بێسوود ئەم دیاردەیەش بەپلەی یەکەم ئەوە دەسەلمێنێت کە خێزان و قوتابخانە و دەسەلاّت نەیانتوانیوە لاوان رێکبخەن و بە چالاکی ئەو کاتانەیان بەسەربەرن.

## حەوتەم: کاریگەری خێزان:

خێزان رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لەسەر هەڵسوکەوتی کۆمەلاّیەتی, چونکە خێزان ئەو کۆمەڵە کەسەیە کە بەهێزترین پەیوەندی لەنێوان یەکدا دامەزراوە خێزان هەڵدەستێت بەدورستکردنی رەوشتی تاك هەر لە سەرەتاکانی قۆناغی منداڵییەوە

کاریگەریشی لەسەر ئەو کەسە دەمێنێت بە درێژایی تەمەنی زۆربەی هەرە زۆری لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە ئەگەر لاوێك لە خێزانێکی هەڵوەشاوەدا پەروەدرەبێت ئەوا تووشی چەندەها کێشەی عاتیفی و کۆمەلأیەتی دەبێتەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو لاوانەی کە لە خێزانێکی رێکوپێکدا پەروەردەدەبن و گرنگترین هۆکاریش کە دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی خێزان بریتییە لە: تەلأقدان, مردنی یەکێك لە دایك یان باوکیان دوورکەوتنەوەی باوك بۆ ماوەیەکی زۆر لە ماڵەوە,هەروەها خووگرتنی دایك یان باوك لەسەر مادده بێهۆشکەرەکان یان یەکێکیتر لە ئەندامانی ئەو خێزانە, لێکۆڵینەوەکان لەو باوەڕەدان کە ئەو خێزانانەی هەندێ لە ئەندامەکانیان ماددەی بێهۆشکەر بەکاردەهێنن جیادەکرێنەوە لە خێزانەکانیتر بەوەی کە پەیوەندی نێوان ئەندامەکانیان ئاڵۆزە و کۆچکردن لەناو خێزانەکەدا, هەڵسوکەوتی نادروستی هەندێك لە خێزانەکان بەرامبەر رۆڵەکانیان کاردانەوەی خراپی لێچاوەڕێ دەکرێ بەوەی لاوانی ناو ئەو خێزانانە پەنادەبەنەبەر مادده بێهۆشکەرەکان هەندێ لە لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە ٥٠٪ لاوانی بێجێگە و ٨٠٪ لاوانی ناوخێزان کە فێری مادده بێهۆشکەرەکان بوون هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خراپی کەشوهەوای ژیانی خێزان لە عێراق رێژەیەکی بەرزی ئەو لاوانەی لە دەرەوەی ماڵەوە دەژین هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ خراپی باری خێزان و خراپ رەفتارکردنی گەورەی خێزانە لەگەڵ مێردمندالأنی ناوخێزانەکە, چونکە ئاشکرایە کەلاوانی دەرەوەی خێزان بۆ بژێوی ژیانیان پەنادەبەنە بەر دزێوکاری نابەجێ و بازرگانی بە مادده بێهۆشکەرەکان دوایش خزانە نێو باندەکانی سەرجادە.

**هەشتەم: خواردنی مادده بێهۆشکەرەکان بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی تەندروستی:**

هۆکاری بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان لەناو هەندێ لە کۆمەڵگاکاندا دەگەڕێندرێتەوە بۆ چارەسەرکەری نەخۆشیەکان لە میسر, جەمال ئەبولعەزام دەڵێت: یەکێك لە هۆکارەکانی بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان ئەوەیە کەسی بەکارهێنەر پێیوایە کە سوودی هەیە لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی جەستە وەك نەخۆشی (رەبۆ, بەردی گورچیلە, رۆماتیزم, هەوکردنی جومگە, مایەسیری) لە عێراقیش دەرکەوتووە کە هۆکاری سەرەکی بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییە جەستەییەکانە لە راپرسییەکدا کە لە پاکستان ئەنجامدراوە دەرکەوتووە ٤٤٪ بەکارهێنەرانی مادده بێهۆشکەرەکان لە شارەکاندا و ٢٢٪ بەکارهێنەرانی ئەو ماددانە لەلادێکاندا بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی وشکاندنی ئازارەکان.

**نۆیەم: بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان بە مەبەستی دەستخستنی لەزەتی ( جنس ):**

یەکێك لەو هۆکارە باوانەی کە کەسانی بەکارهێنەری ماددەی بێهۆشکەر و سڕکەرەکان لەپێناویدا بەکاریدەهێنن دەستخستنی چێژی (سێکسیە) کە کەسی بەکارهێنەر ئەوماددەیە بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی ماوەیەکی زیاتر و درێژتر بداتە کارە (سێکسییەکەی) یان هەندێك جار بۆ مەبەستی بەهێزکردنی ئەولایەنەیە لەو کەسەدا کە خۆی لە بنەڕەتدا لاوازە بۆیە پاش چەندجار بەکارهێنانی هەندێك لەو ماددانە کە بەکارهێنەر خوو یان (ادمان) یان لەسەر دەگرێت تا وایلێدێت ناتوانێت بە بێ بەکارهێنانی ئەو ماددانە کاری سێکسی سروشتی ئەنجامبدات.

من لێرەدا کۆتایی بەم بەشەی بابەتەکەم دەهێنم بەو هیوایەی لە داهاتوویەکی نزیکدا لە بابەتێکیتردا بتوانم ڕێگەکانی چارەسەری تووشبووان و خووگرانی ئەم ماددانەبخەمەڕوو حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش بتوانن ناوەندی تایبەت و نەخۆشخانەی تایبەت بەو ماددانە و کەسانی بەکارهێنەری بکەنەوە.

**سەرچاوە :**

لە گۆڤاری (الشباب و المخدرات فی دول الخليج العربی)